گۆڕان (کوردستان) جەخت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەکاتەوە لەسەر بنەمای دەستور



ئەمڕۆ شەممە بزوتنەوەی گۆڕان (کوردستان)، جەختی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا کردەوە لەسەر بنچینەی دەستوری هەمیشەیی عێراق و پاراستی مافەکانی هەرێم و شایستە دارایییەکان، بەتایبەت زامنکردنی موچەی موچەخۆران.

جەڤاتی گشتی و جڤاتی نیشتمانی بزوتنەوەی گۆڕان (کوردستان) ئەمڕۆ بە سەرپەرشتی دانا ئەحمەد مەجید کێبووەو و ڕێکخەری گشتی، لەسەر دوایین پەرەسەندنە سیاسییەکانی ناوچەکە و کاریگەری لەسەر پرسی سیاسیی عێراق و هەرێمی کوردستان هۆنکردنەوەی پۆیستی خستەڕو. لەو بارییەوە جەختی لە یەکگرتویی ناوخۆیی کوردی و بەهێزکردنی دامەزراوەکان و سەروەری یاسا و زاڵبون بەسەر کێشە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان کرد.

ئاماژەی بەوکرد سەرەڕای ئەو کێشە و ئاستەنگە سیاسیی و قانونی و ئەکخراوییەی بە گۆڕان دروستکراوە، بە پشتیوانی ئەرگان و کەسایەتییەکانەوە؛ توانراوە بەسەر لەمپەڕەکان زاڵ بین و بە داهاتوش بەرنامەی خەڵکخستنەوەی دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

بەگوڕی هاگیەندراوەکە، دواتر بەشداربوان و ئەندامانی هەردو جڤات، گفتوگۆ و ڕوانگەی خۆیان لەبارەی هەنگاوەکانی داهاتوی گۆران و بەیار لەبارەی پێشهاتە سیاسیەکان خستەڕو، لەو سەنگەیەوە کەبونەوەکە بە چەند بڕیار و ڕاسپاردەیەک گەیشت.

ئاوەشیخستەڕو، ئەنجامدانی کەبونەوەی فراوان و خڕکخستنەوەی ئەرگانەکانی بزوتنەوەی گۆران و گوێگرتن لە هەموو گۆڕانخوازان لەسەر ئاستی شار و شارۆچکەکانی هەرێم و ناوچە دابەشکان و ڕێوندی کوردی. بە ئەو مەبەستە ئەرگانە پەیوەندیدارەکان ڕاسپێردران بە ئامادەکاری و ئەنجامدان.

بەگوڕی هاگیەندراوەکە، جەختی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نەوتی هەولێر و بڕیاری لەسەر بنچینەی دەستوری هەمیشەیی عێراق و پاراستی مافەکانی هەرێم و شایستە دارایەکان، بەتایبەت زامنکردنی موچەی موچەخۆران.

پەیوەندیدار بە ناوخەیی هەرێمی کوردستان، لە کەبونەوەکە جەختکرایەوە کە هەرێمی کوردستان لە بازنەی قەیرانەکان دەرناچێت، ئەگەر بەخێراچونەوەیەکی هێشیی لە شێوازی حوکمڕانی لە ناوخۆ و دەرەوەی خۆی نەکات، بۆ لە هەر هەنگاوەک؛ زیادبونی هەژمونی حزبی و بەیاری حزبی بەسەر دامەزراوە شەرعیەکاندا گەورەترین مەترسیە لەسەر چارەنوسی ئێستا و داهاتوی کوردستان.

هەروەها گۆران، داوای پڕلەکردن لە کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان و بەهێزکردنەوەی دامەزراوە دەستوریەکان. ئەگەر نامانەوێت ئەزمونی هەرێمی کوردستان چارەنوسی دەسەڵاتە شکستخواردوەکانی ڕابردو بێت؛ پێویستە گوتارەکی نیشتمانی جگەی گوتاری حیزبی بگرێتەوە، ئەم گوتارەش لەسەر بنچینەی پاراستنی بەرژەوەندیە باڵاکانی هەرێمی کوردستان و کورد لەناوچەکە دابەژرێت

گۆران ئەوەشی ڕونکردوەتەوە، لە هەموکات زیاتر پێویستمان بە هێزکی نیشتمانی و یەکگرتوە، کە لە ئاست چاوەڕوانیەکان و قوربانیدانی خەڵکی کوردستان بێت. خەڵکی کوردستان، قەیرانەکی تاقەتپەوکێنی سیاسیی و دارایی و دامەزراوەیی بەسەرکرد، بەئام گەلەکەمان لەبەردەم دەرفەت و ئاڵانگاریدا؛ فرسەتی بەردەمی زیاترە، وەک لە مەترسی، لەو چوارچێوەیدا ئەمە لە هەموکات زیاتر پشتمان بە خەڵک ئێستۆرە، بەگومان ئەم نائومێدیش تێدەپەڕێت، دواجار خەڵکی کوردستان سەردەکەوێت.